کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

9-5-2007 22:22بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پارچەیەک لە جەستەی دوعا بزرە...موئەیەد مەحمود (کاردۆ)

لەوەتەی دوعا جوانەمەرگ کراوە، بایی خۆمان ئەو کارەساتەمان ڕیسوا کردووەو بایی خۆمان شیعرمان نووسیوەتەوەو بایی خۆشمان بە شێوەی جیاواز پرۆتێستمان کردووە. شێوازی کوشتنی دوعا بەجۆرێك نامۆیە، ئینسان نازانێت لە کوێدا ئەو سەرچاوەیە کوێر کاتەوە کە ئەو هەموو ڕقەی لێ دەڕژێت. مەرگی دوعا ئاوها پەست و ماندووی کردووین، بە جۆرێك کە پارچەیەك لە جەستەیمان فەرامۆش کردووە، ئەو کوڕەی کە خۆشی ویست و جێی هێشت. ئێمە نەك ئەو کوڕەمان لە یاد کردووە، بەڵکو ناویشی نازانین.

لە نێو ئەو دەیان وتارەی کە بۆ مەرگی دوعا نوسراون، تەنها یەکێکیشیان ئیشارەت بە دەزگیرانەکەی ناکات، لە نێو ئەو شاڵاوی پرۆتێست و ئیعتیرازەی کە لە هەموو لایەکەوە سەری هەڵداوە، بە حەرفێکیش باس لەو دەزگیرانە کۆست کەوتووەی دوعا نەکراوە. ئەو کوڕە کە دەکرێ ناوی شەهیدی زیندەی لێبنێین، تەنها دوعای لە دەست نەداوە، ئەو تەنها پارچەیەك لە جەستەی جیا نەکراوەتەوە، بەڵکو سەرباری ئەوانە لەژێر هەڕەشەیەکی جیدی دایە، کە دوور نییە بە مەرگی کۆتایی بێت.

ئەو کوڕە کێیە؟ناوی چییە؟ئێستا لە کوێیە؟چۆنی ئەگوزەرێنێت؟ وەڵامی هیچێك لەم پرسیارانە بە ئێمە نییە. بە پێی ئەو ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژانەی لە چەند ڕۆژنامەیەکدا بڵاو بۆتەوە، ئەو کوڕە ئێستا لە زیندانە. ئەگەر واش نەبێت کەس هیچی لە بارەوە نازانێت. بێگومان ئەم نووسینە بۆ ئەوەیە لەمەولا لە پاڵ هەر داواکارییەك کە لە کەیسی دوعادا دەیخەینە بەردەم دەسەڵات و ڕێکخراوە مرۆییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان، ئەبێ ئازاد کردن و پاراستنی گیان و کەرامەتی ئەو شەهیدە زیندووەش یەکێك بێت لە داواکارییەکان.

دوعا ڕۆی، نە گوێی لە گریان و لاواندنەوەکانمانە و نە ئەو هوتافانەش کە ئەیان کێشین، نە ئەو شیعرانە تێکەڵ بە هەناسەی دەبن کە لە پرسەکەیدا دەیانخوێنینەوە، نە ئەو وتارانەش بە خانەی سۆزیدا تێدەپەڕن کە دەیان نووسینەوە. ئەوەی بۆ دوعای دەکەین تەنها دوعایەکە بۆ پاراستنی گیانی ئەو دوعایانەی کە لە سەفێکی دوور و درێژدا وەستاون و بەردو بلۆکەکانیش وەکو تارمایی بە بەردەمیاندا دێن و دەچن و وەکو باڵندە بەسەر سەریاندا فڕکەیان دێت. ئەگەر دوعامان پێ نایەتەوە، دەبا ئەگەر دەتوانین ئاسوودەیی بە دەزگیرانەکەی ببەخشین، مەگەر ئەمە ویستی دوعاش نییە؟دەبا بگەرێین بەدوای ئەو شەهیدە زیندووە، دەبا بگەڕێین بە دوای پارچەکەی تری جەستەی دوعا.

2007-5-7

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.